کاوە حوسێن:

# نایشارمەوە منیش خەڵکی ئەم وڵاتەم و زۆرجار درۆ ئەکەم بەڵام بەڕادەیەکی زۆر کەم

ئا: ڕەهێل



هەستم بەو تاوانە بچووکانە نەکردووە کە لە منالّیا کردوومە ئێستا بەم تەمەنی گەورەییەوە دادگای ویژدانی منالّی خۆم دەکەم

زایەڵەی دەنگێکی ناسک ودوو چاوی پڕلە فرمێسک و رووخسارێکی پڕ لە بەرائەت و بە خشندەی دڵێکی پڕ لە عەشق وخۆشەویستی و جوانی خاوەنی چەندین هۆنراوەی ناسک وباخچەیەک لە ئاواز و سەمای گوڵە ڕەنگاڵە ییەکانی وشە لە سوچێکی شارێکی بچکۆلانەی کوردستانمدا دەنگ هەڵدەبڕێ و مەستمان دەکا بۆ پەیڤە جوانەکانی و بە عەشقێکی حەقیقی و بە مانا ڕاستگۆیەکانی ژیان ئو گەنجە رووح سوکە ئەو دەنگە ناسکە لە ژێر تریفەی مانگە شەو لە ژێر دڵۆپەکانی باران و ئازاری نەدارەکانی وڵاتەکەی وباوەشی پڕ لە سۆزی دایکیدا وشەکان دەکاتە ملوانکەیەک لە خۆشەویستی وعەشق و ئەوین و دەیکاتە گەردنی هەموو عاشقانی شیعرەکانی ئەو دەنگە جوانەش (کاوە حوسێن)ی شاعیرە بەم شێوەیە بە هەستێکی جوان وبە چەند وشەیەکی پڕ لە ڕاستگۆییەوە بۆمان دووا:

*** دەڵێن ژیان دوو دڵۆپ فرمێسک و خەندەیەکی بە سۆزە بەسەر رووی مرۆڤەکانەوە، ئەم پێناسەیە تاچەند لە ژیانی (کاوە حوسێن)دا ڕەنگی داوتەوە؟**

– ئەگەر بەڕاستی ئەوە پێناسەی ژیان بێت ئەوە من دەڵێم تەنها فرمێسکەکەی بەشی من بووە بۆ ساتێکیش بەختەوەر نەبوومە ڕەنگە ئەوەش پەیوەندیی بەو شتەوە هەبێت کە پێی دەڵێن بەخت یان پەیوەندی بە کاری خواوە هەبێ حەزی کردبێت من وا بژیم بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تاڕادەیەک بێ ئومێد نیم.

*** کاوە حوسێن لە هۆنراوەی (ئاهێک پڕ پە شیمانی بۆ منالی) سەرزەنشتی خۆی دەکات، بەرامبەر بە کۆڵان وشەقام وباڵندەکان ئەی لە گەورەییدا سەرزەنشتی خۆی لە چی دەکات؟**

– من ئەو سەرزەنشتی منالییەی کە لە هۆنراوەی (ئاهێک پڕ بەشیمانی بۆ منالی) کردوومە منالی نەک تەنها من بەڵکو هەموو کەس منالی خۆی تیا دەخوێنێتەوە، ئەمەیە وای کردووە ئەم هۆنراوەیە تەواو بۆتە موڵکی خەڵک و خوێنەر چونکە هەموو کەس هەستی منالی خۆی لەم هۆنراوەیەدا دەخوێنێتەوە و دەبینێتەوە، بەڕاستیش ئەمە وایە من هەستم بەو تاوانە بچووکانە نەکردووە کە لە منالیا کردوومە ئێستا بەم تەمەنی گەورەییەوە دادگای ویژدانی منالی خۆم دەکەم.

*** عەشق و خۆشەویستی و جوانی لە شیعردا کامیان کاوە حوسێن داگیردەکات؟**

– من پێم وایە هیچ جوانییەک بێ خۆشەویستی بوونی نییە هەر خۆشەویستییەکیش عەشقی لەگەڵدا نەبوو ئەوە هیچ ڕاستگۆییەکی تیا بەدی ناکرێت.

*** بەڕای کاوە حوسێن شاعیران لە نوسیندا خەیاڵی یان واقیعی دەنووسن، تۆ لە کامیاندا خۆت دەبینیتەوە؟**

– من ناتوانم لە بری کەس بیری بکەمەوە یان لە جیاتی شاعیرانی تر وەڵام بدەمەوە، بەڵام من وەکو خۆم هەوڵمداوە ئەوەی بینووسم ژیانی ڕاستەقینەی خۆم بێ و تەواو واقیعی خۆم نوسیوەتەوە.

*** کاوە حوسێن زۆر باسی ڕاستگۆیی دەکات لە ژیانی خۆیدا، پێی وایە ئەو وڵاتەی ئەو تیای دەژی تا چەن مرۆڤەکانی ڕاستگۆن؟**

– من پێم وایە ئەوەی لەم وڵاتە کەس ئیشی پێ ناکەوێت ڕاستگۆییە، بەڵام من وەکو خۆم زۆر حەزم بە ڕاستگۆییە بەڵام نایشارمەوە منیش خەڵکی ئەم وڵاتەم و زۆرجار درۆ ئەکەم بەڵام بەڕادەیەکی زۆر کەم.

*** زۆر لە شاعیرە گەنجەکان لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی پیش خۆیان دەنووسنەوە، ئایە کاوە حوسێن لە ژیر کاریگەریی کام شاعیردا دەنووسێتەوە؟**

– من تەنها کاریگەریی یەک کەسم بەسەرەوەیە ئەویش( کاوە حوسێن)ە نەک کەسێکی تر، چونکە من نامەوێت لە ژێر کاریگەریی هیچ کەسێکدا بنووسمەوە چونکە ئەو خۆی دەنووسێتەوە منیش خۆم دەنووسمەوە، بۆیە دەمەوێت من لە نوسیندا لە خۆم بچم نەک لە کەسێکی تر.

*** شیعرەکانی کاوە حوسێن هەموو بە شێوازی لیریکی نوسراونەتەوە، ئایە ئەمەیە وای کردووە زۆربەی گۆرانیبێژان هانا بۆ شیعری کاوە حسێن بێن، یان نەبوونی شیعری گۆرانییە یان شاعیری گۆرانییە؟**

– من زۆر جار ئەو پرسیارەم لێ کراوە منیش زۆرجار بەم شێوەیە وەڵامم داوەتەوە، وتوومە من هەستی خۆم و توانای نووسینەوەی هەستی خۆم لەم شێوازەیا ئەبینمەوە، بۆیە بەم شێوازەش ئەنووسم، بەڵام من تائێستا بە تایبەت هیچم بۆ گۆرانی نەنووسیوە بەڵام زۆرجار ئاواز بۆ شیعرەکانم دانراوە و منیش وەکو خەڵک گوێم لێ بووە.

*** هەموومان پێویستمان بە شارەزایی ئەدەبی بێگانە هەیە، بەڕای تۆ تاچەن پێویستە**

**ئەدیب و نوسەری کورد ئاشنا و تێکەڵی ئەدەبی بێگانە بێت؟**

– من پێم وایە ئەو جۆرە تێکەڵییەی ئەمڕۆ لە دوونیادا هەیە بەشێکی زۆری ئەدەبیاتیشی گرتۆتەوە، بۆیە ئەدەبیاتی کوردی و ئەدەبی کوردیش پێویستە ئاشنای ئەدەبیاتی بیانی بێت، بەڵام پێویستە ئەو ئاشنایەتییە لەسەر بنەمای سوود وەرگرتن بێت نەک لەسەر بنەمای سڕینەوەی ڕەگەزە جوانەکانی ئەدەبیاتی.

*** لە کۆتاییدا پێمان خۆشە وەک دیارییەک بۆ ئێمە و خوێنەرانی گۆڤارەکەمان هۆنراوەیەکی خۆتمان پێشکەش بکەی.**

– بە چاوان

نوێ بوونەوە
عەشق زەمەنی بۆ نییە ڕۆژبە ڕۆژ نوێ ئەبێتەوە
کێ هەیە بە دڵ عاشق بێ و خۆشەویستی بیرچێتەوە
لەم زەمەنە بێ سۆزەدا با وەفا ئاشتمانکاتەوە
خۆشەویستی دەستمان بگرێ و بۆ لای عەشقمان بباتەوە
باهەناسەی ڕاستی عەشق تێکەڵاوی ژیانمان بێ
هەموو زەمەن بێ مانایە ئەگەر خۆشەویستی نەبێ
چەندە خۆشە ئەگەر تەمەن پڕ پڕ بێ لە عەشق و جوانی
خۆشەویستی ئاوازێک بێ ژیان بیکات بەگۆرانی
وەرە با هەناسەی عەشق لە ناو ڕووحمانا هەڵگرین
با لەگەڵ ئەوینا بژین، لە گەڵ خۆشەویستی بمرین